سەرۆک کۆمار پابەندبوونی تەواوی دەوڵەتی عێراقی بەپاراستنی مافەکانی هەموو پێکهاتەکان بە ئێزیدییەکانەوە دووپاتدەکاتەوە

سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ دووشەممە ١٥ی کانوونی یەکەم ٢٠٢٥، لە کۆشکی بەغداد ، پێشوازیکرد لە میر حازم تەحسین بەگ سەرۆکی ئینجومەنی باڵای ڕۆحانی ئێزیدییان.

سەرۆکایەتی کۆمار لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبەع کۆتووە،بەاویکردەوە لەدیدارەکەدا باس لەبارودۆخی گشتی وڵات و پرسی تایبەت بەکۆمەڵگای ئێزیدییان کرا وجەختیش لەپێویستی چارەسەرکردنی دەرئەنجامەکانی ئەو تاوانانەی بەرامبەریان ئەنجامدرا و ڕەخساندنی هەلومەرجی گونجاو بە گەڕانەوەی ئاوارەکان و پەرەپێدانی سەقامگیری کۆمەڵایەتی کردەوە.

سەرۆک کۆمار پابەندبوونی تەواوی دەوڵەتی عێراقی بەپاراستنی مافەکانی هەموو پێکهاتەکان بە ئێزیدییەکانەوە دووپاتکردەوە کەبەشێکی ڕەسەنی ناسنامەی نیشتمانین و جەختیشی لە پاراستنی فرەچەشنی ئایینی و کلتووری پایەیەکی بنەڕەتییە لە بنیاتنانی دەوڵەتدا کردەوە.

هەروەها بەڕێزیان ڕوونی کردەوە کەسەرکایەتی کۆمار پرسی ئێزیدییەکان دەخاتە پێشینەی ئەرکە نیشتمانی و مرۆییەکانی خۆیەوە، ئاماژەشی بە گرنگی هەوڵی هاوئاهەنگ لەنێوان ڕەبەرانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و دامودەزگاکانی دەوڵەت کرد ، کەدەبێتە ڕێگا چارەی دەستبەرکردنی دەرئەنجامەکانی ئەو

کارەساتانەی کەبەسەریاندا هاتووە.

لەلای خۆیەوە میر حازم، گرنگیدانی سەرەکی کەمار و هەوەست و پاپشتیەکانی لەمە پرسی ئەزیدیەکان بەرز نرخاند و پەزانینی خۆی بە ئەو هەوڵانە دەربڕی کەبە دادپەروەری بەرامبەر بەقوربانییان و بەرەوپەشبردنی پەکەوە ژیانی نیشتمانی دراون.